رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 11-11-2007 2:18

**وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەشداربوون لە دوو بۆنەی ئاینی نێودەوڵەتی بانگهێشت دەکرێت. ...**

**مەریوان نەقشبەندی***

وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی کوردستان بانگهێشتی کۆنگرەی نێودەوڵەتی یەکترقبوڵکردن لەنەرویج و ڕێورەسمی بەکاردینال بوونی پەتریارکی کەنیسەی کلدانی عیراق لەڤاتیکان دەکرێت،

لەدوو نوسراوی رەسمیدا کە ئاراستەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، هەریەکە لەبەرپرسی پەیوەندیەکانی دەرەوەی ڕێکخراوی یەکترقبووڵکردنی نێودەوڵەتی و سەرۆکی دیوانی ئەوقافی مەسیحیەکان و ئاینەکانی دیکەی عیراق، بانگهێشتی شێخ محەمەد شاکەلی وەزیری ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شاندێکی رەسمی وەزارەتیان کردوە تا بەشداری لەدوو بۆنەی ئاینی -نێودەوڵەتی لە هەردو وڵاتی نەرویج و ڤاتیکان بکات کە هەردوکیان لەرۆژەکانی کۆتایی ئەم مانگەدا لەڤاتیکان و شاری ئۆسلۆ ی پایتەختی نەرویج بەرێوەدەچێت،

یەکەمیان بۆ بەشداریکردنە لەکۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی تایبەت بە پتەوکردنی پێکەوەژیانی ئاینی کەلەلایەن ڕێکخراوی یەکترقبوڵکردنی نێودەوڵەتی (تۆلێرانسی ئینتەرناشیونال) کە بەرەزامەندی پەرلەمان و حکومەتی نەرویج لەشاری ئۆسلۆ بەرێوەدەچی و تیایدا گەورەترین کەسایەتی ومەرجەعیەتە ئاینی و مەزهەبیەکانی جیهان بانگهێشتکراون

دووەمیشیان بۆ بەشداریکردنە لە ڕێورەسمی دانانی پەتریارکی کەنیسەی کلدانیەکانی عیراق (عەممانوئیلی سێیەم دەلی) بە پلەی (کاردینال) لەلایەن پاپا بندیکتوسی شازدەهەم (پاپای ڤاتیکان)،

ئەمەش یەکەم جارە لەمێژووی دامەزراندنی کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کە وەزارەتی ئەوقاف بۆ دوو بۆنەی نێودەوڵەتی لەم شێوەیە بەرەسمی بانگهێشت دەکرێت.

بەرێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف*

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.